# ئەو ساتانەی دەکرێ پەشیمانی بەیانی بن

**بەکر ئەحمەد**
16-11-2007

*ژیان بە لامدا تێپەڕێ*
*ئەو کاتانەی لە گەرمەی یاریکردندا*
*کوڕەکەم دەڵێ: بابە سەیرکە و*
*من سەرقاڵی ئاخاوتنی تەلەفۆنم.*

*ئەو کاتانەی هاوسەرەکەم لە گەرمەی خەونی خۆیدایە و*
*پێڵووی چاوانی هەڵدەفڕێ*
*منیش پەردەی سەر پەنجەرەکان لا دەدەم.*

*ئەو کاتانەی کچەکەم لەبەر ئاوێنەی ناو ماڵدا*
*لە گەنجێتی خۆی دەڕوانێ*
*منیش دەڵێم: کتێبەکەت بانگت دەکا.*

*ئەو کاتانەی بەفر لەو دیو پەنجەرەوە سەما دەکا و*
*من سەر قاڵی تەماشاکردنی تێڤیم.*

*ژیان بە لامدا تێپەڕێ*
*ئەو کاتانەی ژیان دەڵێ: گوێهەڵدێرە*
*منیش هێدفۆنێک لە گوێدا و*
*چاوێک لەولا و*
*دڵێک لەم لا.*